# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٨٦ ■ شەممە، ١٥ی بەفرانباری ١٤٠٣ _ ٤ی ژانوییەی ٢٠٢٥

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## پەیامی پیرۆزبایی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی

نوێبوونەوەی ساڵی زایینی و هاتنی ساڵی نوێی ٢٠٢٥ لە سەرجەم مەسیحییانی جیهان، پەیڕەوانی ئەم ئایینە و هەروەها ئەو کەسانەی کە ساڵی نوێی زایینیدا جێژن دەگرن، پیرۆز بێت.

لە هەلومەرجێکدا پێشوازی لە نوێبوونەوەی ساڵی زایینی دەکرێت کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک ناوچەیەکی فرەئایین و فرەنەتەوە، لەگەڵ گۆڕانکاریی جیدی بەرەوڕووە. لەم دۆخەدا هیوا دەخوازم کە ساڵی نوێی زایینی و هەلومەرجی نوێی سیاسی، ببێتە مایەی بەرەوپێشچووونی ڕەوتی ئازادی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەکە و ئاشتییەکی دادپەروەرانە، بەرابەریی نەتەوەکان و سەقامگیریی بەدوادا بێت.

هیواداریشم نەتەوەکانی ئێران لە ئەنجامی هەلومەرجی ئاماژە پێدراودا، ڕووی تەبایی و ئازادی بە خۆیانەوە ببینن. بە تایبەت کە پەیڕەوانی ئایینی مەسیح و ئایینزاکانی دیکە، لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و بە ناوی پیرۆزییەکان و شەریعەتی ئیسلامییەوە سەرکوت دەکرێن و لە ئازادییە ئایینی و سیاسی و مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەش کراون.

بە هیوای ئاشتی، تەبایی، ئازادی و یەکسانیی گەلانی ناوچە.

**مستەفا هیجری**

**١١ی بەفرانباری ١٤٠٣ (٣١ی دێسامبری ٢٠٢٤)**

## زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێ

# ئێرە زێدی گڕ و نیشتمانی خاکیپۆشانی جامانە دەملە



## حیزبی دێموکرات:

## هیچ جۆرە وتوویژ و دانووستانێکمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نیە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕوو بە بیروڕای گشتی، دەنگۆی دانوستانی نێوان خۆی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ڕەت کردەوە.

دەقی ڕونکردنەوەکە بەم جۆرەیە:

چەندرۆژ پێش ئێستا و لە وتارێکی ڕۆژنامەنووس ئەنوەر حسێن (بازگر) کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بۆتەوە و لەچەند سەردێرێکدا باس لە دۆخی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا دەکات، لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند خاڵێک باس کراوە کە زانیارییەکانی هەڵە و ناڕاستن. نووسەر لە بەشێک لە بابەتەکەدا باس لە پرسێک بە ناوی "دانوستانەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تاران لە بەغدا" و بێئاکاممانەوەی ئەم "دانوستانانە" دەکات!

لەم پێوەندییەدا ڕوو بە بیروڕای گشتی ڕادەگەیەنین؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای باوەڕی لەمێژینەی بە دیالۆگ و وتویژ وەک ئەسڵ و پرەنسیپێکی خەباتکارانە لەپێناو چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانی ئێران، هیچ جۆرە وتوویژ و دانوستانێکی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نیە و هەروەها سیاسەت و پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتیش لە ئاست وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان، لەسەر ئەساس و بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان داڕێژراوە و، هەر لەسەر هەمان ڕێچکە دەمێنێتەوە و دەچێتە پێش.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی ڕاگەیاندن**
**٣ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی**

## وتاری حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی شورای ئینترناسیۆنال سۆسیالیست:

## پشتیوانی بزووتنەوە ڕەواکەمان بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی، نەتەوەیی و مرۆییەکانمان بن




... بەداخەوە زۆر جار پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵات بەهۆی کۆماری ئیسلامی و ئەو جینایەت و کارەساتانەی ڕێژیم خوڵقاندوویەتی و لەسەریان بەردەوامە، پتر وەک بابەتێکی نێوخۆیی وڵاتی ئێرانی دەبیندرێ. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی ئورووپایی بەتایبەت، لە ڤییەن بەسەر تێرۆری د. قاسملوودا تێنەپەڕیبان و هەڵوێستی شیاویان هەبا و سنوورێک بۆ دەستدرێژییەکانی ئەم ڕێژیمە داندرابا، لەوانەبوو نە تێرۆری مێکۆنووس لە ئاڵمان ڕووی دابا و نە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە لە ئورووپادا بڵاو بباوە کە دەیان کەس لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە نێودڵی ئورووپای دێموکراتدا بکرێنە ئامانج. بەڵام بێدەنگی و بێهەڵوێستیی کۆمەڵگەی جیهانی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ بەردەوامیی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە جیهان و ئاژاوەگێڕی و قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاوەڵا کرد....

پاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆتۆبەر ئەم چاوەڕوانییە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، ناوەندەکانی بڕیار و وڵاتانی دێموکرات دەکرێ کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەند بگرن و پشتیوانی جووڵانەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی گەلانی ئەم ناوچەیە بن. بەتایبەت لە بەرانبەر ڕێژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بێهەڵویست نەبن و بە گوشارخستنەسەر کۆماری ئیسلامی ئەم ڕێژیمە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کردەوە جینایەتکارەکانی وەڵامدەر بکەن. هاوکات دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی گەلانی مافویست و ئازادیخوازی ئێران و پشتیوانی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بۆ بنیادنانی سیستەمێکی دێموکرات و سیکۆلار لە ئێران بن.

**[دەقی وتاری حیزب لە کۆبوونەوەی شورای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و بڕیارنامەی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە کۆبوونەوەیەدا لە لاپەڕە ٣دا بخوێنەوە]**

## بانگکرانی ٥٨ کەس لە پیرانشار بە تاوانی! دەملکردنی جامانە

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لانیکەم ٥٨ کەسی خەڵکی شارەکانی مەهاباد، بۆکان و پیرانشار، لەوانە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا ( ژن، ژیان، ئازادی) دوای بەشداریکردنیان لە زەماوەندێک، لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بانگ کراون و پەروەندەیان لەدژ دروست کردوون.

بانگکرانی ئەم دەیان کەسە دوای بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەک لە بەشداریکردنی بە کۆمەڵیان بە جلوبەرگی کوردی و جامانە لە زەماوەندێکدا بوو. سوپای پاسداران لە چەند ساڵ لەوەپێشەوە بەڕەسمی بەکارهێنانی «جامانە»ی بە هێمای حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری حکوومەت ڕاگەیاندوە و بەکارهێنانی جامانەی لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا قەدەغە کردوە، بەڵام خەڵکی کوردستان نەک پێملی ئەو بڕیارە نەبوون، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بایەخ بە پەرەدان بەو نماد و سیمبولە نەتەوەییە دەدەن

موجتەبا مەحموودی، دادستانی پیرانشار تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی حکوومەت لەڕێگای هێماسازیی داواتە پاڵ ئەم بانگکراوانە.


**تراویلکەی دەشتی قوم**
د. ئاسۆ حەسەنزادە
٢

**بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان**
فواد خاکیبەیگی
٦

**خیانەت بە فەلسەفە و ڕووناکبیری!**
شاڕوخ حەسەنزادە
٧

**پێویستیی پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد**
د. لوقمان ڕادپەی
١٠

**کۆتا بزمارەکان لە تابووتی "بەرەی موقاوەمەی" ڕێژیم**
ناسر ساڵحیئەسڵ
١١

## حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی SI

# داوای پشتیوانی و هاوکاریی بەکردەوە و مەیدانیی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەتایبەت ئینترناسیۆنال سۆسیالیست دەکەین




**ئاماژە: ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی دێسامبری ٢٠٢٤، هەیئەتی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە دوکتور کوێستان گادانی، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات، مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست و گەلاوێژ محەممەدی نوێنەری حیزب لە وڵاتی نۆروێژ بەشداریی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی si لە وڵاتی مەراکێش‌یان کرد. لەم کۆبوونەوەیەی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست سەبارەت بە چالاککردنەوەی کۆمیتەی "پرسی کورد" لە ڕێکخراوەکەدا کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی هەموو حیزبەکان پێک هێنا کە بریتی بوون لە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی نیشتیمانیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (پەیەدە). لەم کۆبونەوەیەدا دوای هەڵسەنگاندنی بابەتەکان و پرس و ڕاوبۆچوونی نوێنەری هەموو حیزبەکان، بڕیار درا کە لەگەڵ ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ئەم باسە بکرێتەوە و هەروەها لە داهاتووی نیزیکدا کۆبونەوەیەک بۆ ئەم کۆمیتەیە لە باشووری کوردستان پێک بهێندرێت.**
**"کوردستان" دەقی وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی شوڕای "ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست"ی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**بەڕێز، سەرۆکی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست!**
**بەڕێزان، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان!**
**بەشدارانی بەڕێزی کۆبوونەوەی شوڕای ئینترناسیۆنال سۆسیالیست !**

ئێزنتان لێ دەخوازم بە ناوی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانی شاندی هاوڕێمەوە گەرمترین سڵاوتان پێشکەش بکەم و ئارەزووی سڵامەتیتان بۆ بخوازم. خۆشحالم لەم کۆبوونەوە گرینگەدا لەگەڵ ئێوەم و ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆبوونەوەکەمان دەخوازم، هاوکات هیوادارم بە هاوکاری و هاوفکریی یەکتر ئەرکە دەستنیشانکراوەکان ڕاپەڕێنین و دەسکەوتی پتر لە پێشوو بۆ ڕێکخراوەکەمان دەستەبەر بکەین .

**بەڕێزان!**

ئەم کۆبوونەوەیە لە هەلومەرجێکی هەستیاری نێونەتەوەی و ناوچەییدا بەڕێوە دەچێ و هەتا ڕادەیەکیش سەرنجەکان لەسەر ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە کۆ بووەتەوە. بۆیە هیواخوازم پرسە سیاسییەکان و بابەتەکانی دەستووری کاری کۆبوونەوەکە بە شێوەیەکی کارناسانە و بنەمایی تاوتوێ بکرێن و هەڵوێست و بڕیاری شیاویان لەسەر بدرێت.

لەوانەیە لەم ماوە کورتەدا زۆر بە وردی نەتوانم ئاماژە بە هەموو بابەتەکان بکەم، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆرتر جێی سەرنجە، پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەتایبەت مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە پەراوێزخراوەکان بۆ نموونە بێبەشبوونی میلیۆنان منداڵی نەتەوە کورد و نەتەوە نافارسەکان لە خوێندن بە زمانی دایکی، پرسی ژنان و هەروەها سیاسەتی حاشاکردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شوناس و کولتووری نەتەوەیی و جۆراوجۆرییەکانی دیکە و هەوڵی سیستماتیک بۆ سڕینەوەی جۆراوجۆرییەکان لەو وڵاتەیە.

**بەڕێزان!**

بەدڵنیاییەوە ئێوە ئاگاداری مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەن و دەزانن ئێمە بۆ نەهادینەکردنی دێموکراسی و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە ئێران قوربانییەکی زۆرمان داوە. ئێمە لەو پێناوەدا نەکهەر ئەوەی دوو سکرتێرمان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کراون، بەڵکوو لە وڵاتانی دراوسێی ئێران و تەنانەت لە ئورووپا کراوینەتە ئامانجی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی. نموونەی ئاشکرا تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری پێشووی حیزبەکەمان و شاندی هاوڕێیەتی کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٩٢ هاتبووە ئاڵمان و لە شاری برلین تێرۆر کرا.

جگە لە بەردەوامیی تێرۆر، کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدرێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو لە نێوخۆی وڵات ناوچە کوردستانییەکانی ئێرانی میلیتاریزە کردوە، بزووتنەوە ئێعترازییەکانی سەرکوت کردوە و چالاکانی سیاسی و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی ئێمەی دەسبەسەر و ئێعدام کردوە. هاوکات لە دەرەوەی سنوورەکانیش بە پێشێلکردنی سەروەریی سیاسیی عێڕاق و هەرێمی کوردستان و پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان بە مووشک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر کەمپی ئاوارە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران نیشتەجێ لە بنکە مەدەنییەکانی حیزبی دێموکرات لە قووڵایی خاکی عێڕاقدا.

**نوێنەرانی بەڕێزی حیزبەکانی ئەندام لە ئینترناسیۆناڵ!**

لێرەدا سەرنجتان بۆ خاڵێک ڕادەکێشم کە بەداخەوە زۆرجار بیستوومانە کە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵات بەهۆی کۆماری ئیسلامی و ئەو جینایەت و کارەساتانەی ڕێژیم خوڵقاندوویەتی و لەسەریان بەردەوامە، پتر وەک بابەتێکی نێوخۆیی وڵاتی ئێرانی دەبیندرێ. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی ئورووپایی بەتایبەت، لە ڤییەن بەسەر تێرۆری د. قاسملوودا تێنەپەڕیبان و هەڵوێستی شیاویان هەبا و سنوورێک بۆ دەستدرێژییەکانی ئەم ڕێژیمە داندرابا، لەوانەبوو نە تێرۆری مێکۆنووس لە ئاڵمان ڕووی دابا و نە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە لە ئورووپادا بڵاو بباوە کە دەیان کەس لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە نێودڵی ئورووپای دێموکراتدا بکرێنە ئامانج. بەڵام بێدەنگی و بێ‌هەڵوێستیی کۆمەڵگەی جیهانی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ بەردەوامیی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە جیهان و ئاژاوەگێڕی و قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاوەڵا کرد.

**بەڕێزان!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران جگە لە سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی مەدەنی و مافخوازانە و سووکایەتیی ئاشکرا بە کەرامەتی مرۆڤ لە ئاستی نێوخۆییدا، لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییشدا بە پشتیوانی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی، بەردوامیی لە پڕۆژە ئەتومییەکانی و پیشەسازیی مووشەکی و چەکە کۆمەڵکوژەکانی بووەتە هۆی قەیران و ناسەقامگیرییەکی بەرفراوان. سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژییەکەی پشتئەستوور بە دروستکردنی میلیشیا و هێزی کرێگرتەی جۆراوجۆر لە وڵاتانی دراوسێ و تەیارکردنیان بە مووشەک و درۆن، نائەمنی و ناسەقامگیری زۆری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خوڵقاندوە کە ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ پریشکەی ئەم ئالۆزییانە بەر وڵاتانی ڕۆژئاواییش کەوتوە.

دەستتێوەردانی سیاسی لە کاروباری غەزە، لوبنان و سووریە نموونەی هەرە زیندووی ئەم سیاسەتە قەیراخوڵقێنەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئێستا پاش شەڕی یەک ساڵەی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان دژی ئیسرائیل بە دنەدانی ئێران و دەستێوەردانی میلیشیاکانی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە یەمەن و عێڕاق و، پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە؛ ئەم چاوەڕوانییە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، ناوەندەکانی بڕیار و وڵاتانی دێموکرات دەکرێ ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەند بگرن و پشتیوانی جووڵانەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی گەلانی ئەم ناوچەیە بن. بەتایبەت لە بەرانبەر ڕێژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بێ‌هەڵویست نەبن و بە گوشارخستنەسەر کۆماری ئیسلامی ئەم ڕێژیمە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کردەوە جینایەتکارەکانی وەڵامدەر بکەن. هاوکات دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی گەلانی مافویست و ئازادیخوازی ئێران و پشتیوانی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بۆ بنیادنانی سیستەمێکی دێموکرات و سیکۆلار لە ئێران بن.

لەم دەرفەتەدا و لەم کۆبوونەوەیە داوا لە حیزبە دەستەخوشکەکانمان لە نێو ئینترناسیۆنال سۆسیالیست و هەموو کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکەین لە گەیشتن بە ئامانجەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەمان لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانی بزوتنەوە ڕەواکەمان بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی، نەتەوەیی و مرۆییەکانمان لەژێر درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بن. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم بڕوایەداین لەم هەلومەرجە هەستیارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەم دەرفەتانە دەبێ کەلکیان لێ وەرگیرێ و لە ئێستا و لە داهاتوودا داوای پشتیوانی و هاوکاریی بەکردەوە و مەیدانیی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەتایبەت ئینترناسیۆنال سۆسیالیست دەکەین.

سپاس بۆ ئەم دەرفەتەی بە ئێمە درا هەتا باسی ئێران و پرسی نەتەوەکان و پێشێلکرانی مافەکانیان لەم وڵاتە بەهۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە بکەین.

**هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

### بەیاننامەی شاندی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە مەراکش

١- پێشێلکارییەکان بە نیسبەت گەلی کورد و نکۆڵی‌کردن لە مافەکانی لەلایەن دەسەڵاتە سیاسییەکان بەردەوامە، داوا دەکەین ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست پشتیوانیی خۆی لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد دەرببڕێ و لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە دەوڵەتە پێوەندیدارەکان بە پرسی کوردەوە بکات چیدیکە نکۆڵی لە شوناسی نەتەوەیی کورد نەکرێت و مافەکانیان دابین بکرێت و کۆتایی بە ئەو پێشێلکارییانە بێنن.

٢- بە میلیۆنان منداڵی کورد لە خوێندن بە زمانی دایک لەلایەن ڕێژیمەکانەوە بێبەش کراون، بە دەیان کەس لە مامۆستایانی زمانی کوردی کە خۆبەخشانە وانەیان بە قوتابییان وتووە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەند کراون کە ئەمە دژایەتی لەگەڵ ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان و مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە و ئێمە داواکارین کە هەوڵی ئازادکردنی ئەم مامۆستایانە بدرێ.

٣- لە خۆپێشاندانە مەدەنییەکان و لە بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) کۆمەڵێک چالاکڤانی کوڕ و کچ گیراون و ئێستاش لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدان، داواتان لێ دەکەین بۆ ئازادکردنیان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەوڵی ئازادکردنیان بدەن.

٤- ژینگەی کوردستان بە هۆی چاندنی مین لە شەڕەکانی ئێران و عێراق لەلایەن ڕێژیمەکانەوە مەترسییەکی گەورەی پێک هێناوە بۆ خەڵکی مەدەنی، داوا دەکەین لە ڕێگەی لایەنی پێوەندیدارەوە هەوڵی پووچەڵکردنەوە و هەڵگرتنیان بۆ بدرێ.

٥- گوشار بخرێتە سەر ڕێژیمی ئێران بۆ کۆتایی‌هێنان بە کوشتنی کۆڵبەران و کاسبکاران لە سنوورەکانی ئێران

٦- لە ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست پرسی کورد بە شێوەیەکی وڵامدەرتر ڕێک بخرێتەوە و بەپێی پرۆژەی ئەمرۆیی و کارا، بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەرفەتەکان بۆ پێداگری و بەداواداچوون بۆ مافەکانی کورد بقۆزرێتەوە.

ڕاگەیەندراو بەبۆنەی:

# کۆچی دوایی فەتاح ئەمیری، نووسەر و کوردیزانی ناوداری کورد



فەتاح ئەمیری، نووسەر، ڕۆماننوس و ئەندامی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێوارەی شەممە، ١ی بەفرانبار لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

فەتاح ئەمیری ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بنەماڵەی گەورەی ئەمیرییەکانی ئاوایی مەنیچێر لە ناوچەی مەحاڵی بۆکان لەدایک بوو. کاک فەتاح هێشتا ساڵێک تەمەنی پڕ نەکردبوو کە عەلی‌خانی باوکی کۆچی دوایی کرد و لە خوار تەمەن ٧ ساڵیدا دایکیشی لەدەست دا.

کاک فەتاح ئەمیری لەژێر سەرپەرستیی مامیدا وەبەر خوێندن نرا، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سەخت و تایبەتیی ژیانی، پێش وەرگرتنی دیپلۆم خوێندنی قوتابخانەی بە نیوەچڵی بەجێ هێشت، لەگەڵ ئەوەشدا هۆگریی ئەو بە خوێندەوە و پاشان نووسین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بوو.

کاک فەتاح ئەمیری ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە ئیدارەی کارەبای شاری مەراغە وەک فەرمانبەر دامەزرا و لە تەنیشت کارە ئیدارییەکەی کە پاشان بۆ شاری بۆکان گوێزرایەوە، درێژەی بە کاری ئەدەبی و سیاسیی خۆی دا. هەر لە سۆنگەی چالاکییە سیاسییەکانی لەلایەن ڕێژیمی پێشووی پاشایەتییەوە گیرا و تامی تاڵی ئازار و ئەشکەنجەی ساواک و بەندیخانەکانی ڕێژیمی پاڵەویی چاشت. لەگەڵ دەسپێکی ڕاپەڕین دژی ڕێژیمی پاشایەتی، چالاکییە سیاسییەکانی کاک فەتاح ئەمیری زۆرتر بوون و دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب، هەتا لەشکەرکێشیی بەرینی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کوردستان و لەدەستدانی ناوچە ئازادکراوەکان لە بەشی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتدا لە ئەرکە سیاسی و ئەدەبییەکانی بەردەوام بوو.

کاک فەتاح کەسایەتییەکی دیاری بواری وێژەی کوردی بوو. بە نووسین و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکانی فەتاح ئەمیری، بەتایبەت "هاوارەبەرە" و میرزا" دنیای گێڕانەوەی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێ و، زمانێکی تازە و دەنگێکی ڕەسەن پێی نایە گۆڕەپانی گێڕانەوەی کوردی، بەتایبەت لە بواری ئەدەبی بەرگریی کوردیدا. بەڕێزیان شێوازی نووسینی تایبەت بەخۆی هەبوو. زمانێکی دەوڵەمەندی پڕ لە ئیدیۆم و قسەی نەستەقی کوردەواری، بەشێک لە شێوازە نووسینە شیرینەکەی بوو. بۆیە بەتایبەت "هاوارەبەرە" و "میرزا" جیا لەوەی ڕۆمانێکی شیرین و سەرنجڕاکێشن، دەکرێ وەکوو هەنبانەیەکی ئیدیۆم و پەند و مەسەلیش لێیان بڕوانین، چونکە کارەکتەرەکانی ئەو دوو ڕۆمانە لەوپەڕی سادەیی و ساکاریدا بەو زمانە دەوڵەمەند و شەقڵنەشکاوە دەدوێن کە کاریگەریی زمانی داگیرکەرانی بەسەرەوە نییە. هەروەها بە هاندان و ڕێنوێنییە کاریگەرەکانی شوێندانەریی لەسەر پێشگەیشتنی زۆر ئەدیب و نووسەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو وەک ڕچەشکێنێک لە مینبەری گۆڤاری "سروە" و دواتر ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە، خزمەتێکی زۆری بە ئەدەبی کوردی و پێگەیاندنی نوێ‌قەڵەمانی بواری نووسین کرد و خۆی گوتەنی حاسڵی عومریشی چەند ڕۆمانێکی بەناوبانگن کە کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەند بووە.

"هاوارەبەرە"، "میرزا"، "زیندەخەو"، "گێژەڵووکە" و "خەم و خەیاڵ" چەند بەرهەمێکی چاپکراوی کاک فەتاح ئەمیرین کە بە یادگار بۆ نەتەوەکەی بەجێی هێشتوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح ئەمیری سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری دەکا و بە چاوی ڕێز و ئەمەگەوە لە ڕابردوو و تێکۆشانی سیاسی و هەروەها خزمەتە ئەدەبییەکانی دەڕوانێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی ئیداری**
**٢ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی**

